ڕێبەری هەشتەم - وانەی ٣٩

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ١پەترۆس

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (١پەترۆس ٣- ٥) لەگەڵ ڕەچاوکردنی کات باشترە بەشداریکردنەکان کورتخایەن بن .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) " وشەکانی خودا فێر بە " دواوتار ٦: ٦- ٧ .

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن بۆ" وشەکانی خودا فێر بە " دواوتار ٦: ٦- ٧ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) پەیڕەوکردنی تەمێکردن

پێشەکی : ئەم فێرکردنە تایبەتە بە بنەماکانی تەمێکردن . تەمێکردن جۆرێکە لە (ڕێکوپێك کردن) یاخود سیستەماتیک و پەیڕەو دەکرێ لە ژیانی ئەندامانی کڵێسادا ، ئەم ڕێکوپێك کردن و سیستەماتیکەش لە ڕووی ئەنجامدان وگوناهکردن دایە کە نابێت درێژ بێتەوە بۆ نێو سەرجەم باوەڕداران و دەبێت سنوری بۆ دابنرێ وڕابگیرێ . ئامانج لە تەمێکردن سزای گوناهکار یان تاوانکارەکە نیە بەڵکو گەڕانەوەیەتی بۆ عیسای مەسیح و بەرەو ڕێگەی تەنگی عیسای مەسیح . لەم وانەیەدا ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی تەمێکردن و پەیڕەوکردنی تەمێکردن تاوتوێ دەکەین ، هەروەها گرنگی پەیڕەوکردنی تەمێکردن .

أ. هۆکارەکانی تەمێکردن

١. ڕاسپاردە بۆ تەمێکردن .

پێشەکی : ئەو باوەڕدارانەی ڕزگاریان بوەو گوناهە دەکەن . باوەڕداران بێتاوان کراون ، واتە گوناهەکانیان بەر لێخۆشوون کەوتوە و لەسەریان ناژمێردرێت لە ڕۆژی کۆتایی و حوکمدانی کۆتاییدا ، چونکە باوەڕیان بە عیسای مەسیح هێناوە (یۆحەنا ٥: ٢٤) . هەروەها بڕوانە (١یۆحەنا ١: ٨، ١٠ ؛ ٢: ١) . زۆرجار باوەڕداران دان دەنێن بە هوناهەکانیانداو جارێکی دیکە لێخۆشبوون و پاکبوونەوە وەردەگرن (١یۆحەنا ١: ٩) . بەڵام کاتێ تۆبە ناکەن لە گوناهەکانیان تەمێکردن پێویستە .

مەتا ١٨: ١٥ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ٩- ١٣ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو دۆخانە کامانەن کە دەبێت باوەڕدار تیایدا تەمێ بکرێت ؟

تێبینیەکان .

کات هەیە تیایدا دەبێت باوەڕداران تۆبە بکەن لە گوناهەکانیان یان نایانەوێ تۆبە بکەن . هەندێ جار هەوڵ دەدەن خۆیان بە بێتاوان بناسێنن ، وە هەندێ جاری تر گلەیی لە کەسانی تر دەکەن و تاوانەکەیان دەخەنە ئەستۆی کەسانی تر . عیسای مەسیح لە ئینجیلی مەتا ١٨: ١٥ فەرمان دەکات بە باوەڕداران و دەفەرموێ : " ئەگەر خوشك یان براکەت خراپەی لەگەڵ کردیت، بڕۆ بە تەنها لەنێوان خۆت و خۆی گلەیی لێ بکە. ئەگەر گوێی لێگرتی، ئەوا براکەت بەدەستدەهێنیتەوە ." بۆیە دەبێت باوەڕداران ئەو باوەڕدارە تەمێ بکەن ئەگەر زانیان تاوانی کردوە یان گوناهەیەکی ئەنجام داوە ، لە ١ کۆرنسۆس ٥: ١٢ – ١٣ پۆڵس فێرمان دەکات و دەفەرموێ : " بە من چی ئەو بێباوەڕانەی دەرەوەی کڵێسا حوکم بدەم؟ ئایا ئێوە ئەوانەی ناوەوەی کڵێسا حوکم نادەن؟ ئەوانەی دەرەوەی کڵێسا خودا حوکمیان دەدات. خراپەکار لەنێو خۆتان دووربخەنەوە ." ئیدی بەم شێوەیە دەبێت باوەڕداران کاتێ بینیان برایەك یان خوشکێك بەردەوامە لە ژیانی گوناهەدا وەکو گەندەڵی سێکسی یان چاوچنۆکی پارە یان حەز کردن بە دەسەڵات و ناوبانگ یان بتپەرستی و پەیڕەوکردنی بتپەرستی یان درۆ یان خراپە کردن بەرامبەر بە کەسانی تر و ئابڕوی کەسانی تر یان سەرخۆشی و فێڵ کردن لە کار و بارودۆخی تر تەمێیان بکەن .

٢. بەهای پەیڕەوکردنی تەمێکردن .

پەندەکان ٣: ١١- ١٢ ؛ ٦: ٢٣؛ ١٠: ١٧؛ ١٥: ٥ ؛ ژیرمەندی ٨: ١١ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ١٠- ١١ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چەند بەنرخ وبەهایە پەیڕەوکردنی تەمێکردن ؟

أ. ئامانج لە تەمێکردن ڕێگرتنە لە تەشەنەکردن وبڵاوبوونەوەی گوناهە.

ژیرمەندی هۆشداری دەدات و دەفەرموێ : " لەبەر ئەوەی کارکردن بە بڕیار لە دژی کاری خراپە پەلەی لێ ناکرێت، دڵی ئادەمیزاد پڕ بووە لە پیلانی خراپ ." هەروەها پەندەکان ١٠: ١٧ دەفەرموێ : " ئەوەی چاوی

لە تەمبێکردنە لەسەر ڕێچکەی ژیانە،بەڵام ئەوەی واز لە سەرزەنشت بهێنێت گومڕا دەبێت ." بۆیە تەمێکردن گرنگە و پێویستە بۆ خێزان و کڵێسا و کۆمەڵگە لە پێناوی بەرگرتن لە بڵاوبونەوەی گوناهەو ڕوبەڕوبونەوەی تاوان !

ب. تەمێکردن یارمەتیدەرە بۆ گەشەی ڕۆحی .

بەپێی پەندەکان ١٥: ٥ تەمێکردن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە یارمەتیدان بۆ دانایی و بڵاوبونەوەی . وە نامەی عێبرانیەکان ١٢: ١٠- ١١ دەفەرموێ " چونکە باوکانمان بۆ ماوەیەك ئەوەندەی بە باشیان زانیوە تەمبێیان کردووین، بەڵام خودا بۆ سوودی ئێمەیە تەمبێمان دەکات، تاکو بەشداری پیرۆزییەکەی بکەین . هەموو تەمبێکردنێك لە کاتی خۆیدا ئازاربەخشە و خۆش نییە، بەڵام دواتر بەروبوومی ئاشتییانەی ڕاستودروستی دەگرێت بۆ ئەوانەی پێی ڕاهێنراون." ئیدی بەم شێوەیە تەمێکردن زۆر گرنگەو پێویستە بۆ گەشەی ڕۆحی !

ج. تەمێکردن ئەزموندارت دەکات لە ژیان وخۆشەویستیدا .

پەندەکان ٦: ٢٣ دەفەرموێ : " چونکە ئەم ڕاسپاردانە چران و ئەم فێرکردنەش ڕووناکییە،
سەرزەنشتی تەمبێکردنیش ڕێگای ژیانە " وە پەندەکان ٣: ١١- ١٢ دەفەرموێ " ڕۆڵەکەم، بە سووکی تەماشای تەمبێکردنی یەزدان مەکە، ڕقت لە سەرزەنشتی ئەو نەبێتەوە ، چونکە ئەوەی یەزدان خۆشیبووێ تەمبێی دەکات و
وەك باوکێك بە کوڕ دڵخۆش دەبێت. "

ب. ئەنجامدانی تەمێکردن

١. جۆرەها تەمێکردنی جیاواز .

پێشەکی :

حەوت جۆر تەمێکردن هەیە لە کتێبی پیرۆزدا : تەمێکردنی خودایی ، تەمێکردن لەلایەن حکومەتەوە ، تەمێکردن لەلایەن دایکوباوکانەوە ،

تەمێکردن لەلایەن نێردراوانەوە ، تەمێکردنی ناخ ، تەمێکردنی ئاڵوگۆڕ ، تەمێکردنی کڵێسایی ، چوار تەمێکردنەکەی سەرەتا بە کورتی باسیان لێوە دەکەین لەم وانەیەدا ، بەڵام سیانەکەی کۆتایی بە وردی باسیان لێوە دەکەین وەك ئەمانەی خوارەوە :

پەندەکان ١٣: ٢٤ ؛ ڕۆما ١: ١٨ ؛ ڕۆما ١٣: ١- ٥ ؛ گەڵاتیە ١: ٦- ٩ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو هۆکارە جیاوازانە کامانەن وا دەکەن خودا خودا خەڵکی تەمێ بکات ؟

أ. تەمێکردنی خودایی .

خودا گەلی ئیسرائیلی تەمێکرد کاتێ لایان دا و لێی دوور کەوتنەوە ، هەروەها نەتەوەکانی تەمێکرد لەسەر بتپەرستیان و گەندەڵی سێکسییان (ڕۆما ١: ١٨) . وە عیسا حەوت کڵێساکانی مێژووی تەمێکرد لە ئاسیای بچوك لە سەدەی یەکەمی زایینیدا هەروەك چۆن ئەمڕۆش ئەوە دەکات هەروەها ، بۆ نمونە بەو کڵێسایانە دەڵێت : "ئاگام لە کردار و ماندووبوون و دانبەخۆداگرتنتە، هەروەها کە چۆن لە تواناتدایە خراپەکاران ڕەتبکەیتەوە، ئەوانەشت تاقی کردەوە کە خۆیان بە نێردراو دەزانن بەڵام نێردراو نین، بە درۆزن دەرچوون ، دانت بەخۆتداگرت و لەبەر ناوی من بەرگەت گرت، کۆڵت نەدا. بەڵام ئەوەم لەسەرت هەیە: تۆ خۆشەویستییەکەی یەکەمینت بەلاوە ناوە... ئاگام لە کردارەکانتە، تۆ نە سارد و نە گەرمیت. خۆزگە سارد یان گەرم بووای ... ئەوانەی خۆشم بوێن سەرزەنشتیان دەکەم و تەمبێیان دەکەم. بۆیە دڵگەرم بە و تۆبە بکە." (بینین ٢: ٢- ٤ ، ١٤- ١٦ ، ٢٠- ٢٤ ؛ ٣: ٢- ٣ ، ١٥- ١٩) . بینین ٢: ٧ .

ب. تەمێکردن لەلایەن حکومەتەوە .

خودا دەسەڵات و بەرپرسیارێتی داوە بە حکومەت و دەسەڵاتداران کە سزای تاوانباران و خراپەکاران بدەن . حکومەتەکان خزمەتکاری خودان

، ئەوانە دەترسێنن کە تاوان دەکەن ، حکومەت دەسەڵاتی هەیە شمشێری هەبێت ، واتە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان (ڕۆما ١٣: ١- ٥) ، بەڵام تەنها بەو هۆکارەی کە دەیبینینەوە لە کتێبی پیرۆزدا نوسراوە (پەیدابوون ٩: ٥- ٦ ؛ دەرچوون ٢١: ١٢- ١٧ ؛ مەتا ٢٦: ٥٢) . بەڵام هەموو حکومەتەکان دەسەڵاتێکی سنوردار ودیاریکراویان هەیە و بەس ، نابێت حکومەتەکان مزگێنیدانی کاری خودا لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە قەدەغە بکەن لە وڵاتەکانیاندا (کردار ٤: ١٩- ٢٠ ؛ ٥: ٢٩) .

ج. تەمێکردن لەلایەن دایکوباوکەوە .

خودا دەسەڵات و بەرپرسیارێتی داوە بە دایکوباوك بۆ تەمێکردنی منداڵەکانیان تا ئەو کاتەی بچووکن و پێویستە . باوك منداڵی خۆی خۆش دەوێ و بە وریاییەوە تەمێی دەکات (پەندەکان ١٣: ٢٤) . کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات " کوڕەکەت تەمبێ بکە دەتحەسێنێتەوە، چێژ دەداتە گیانت ." پەندەکان ٢٩: ١٧.

تەمێکردن لەلایەن نێردراوانەوە .

عیسای مەسیح دەسەڵاتی تایبەتی داوە بە نێردراوەکانی لە گرتنە خۆو دورخستنەوەی خەڵکی بۆ نێو کڵێسا (مەتا ١٦: ١٨- ١٩ ؛ ١٨: ١٨؛ کردار ٥: ١- ١١ ؛ ٨: ١٤- ١٧ ؛ گەڵاتیە ١: ٦- ٩) . هەروەها بڕوانە (کردار ١: ٢١- ٢٢) وە (کردار ١٤: ١- ٤ ، ٢٦- ٢٨ ؛ ٢کۆرنسۆس ٨: ٢٣ ؛ فیلیپی ٢: ٢٥ ؛ ١سالۆنیکی ٢: ٦- ٧) .

٢. تەمێکردنی ناخ .

مەتا ١٨: ٧- ٩ ؛ لۆقا ٦: ٤١- ٤٣ ؛ ڕۆما ١٦: ١٧- ١٨ ؛ ٢یۆحەنا ٩- ١٠ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن سەرجەم باوەڕداران تەمێکردنی ناخیان پەیڕەوبکەن ؟

تێبینیەکان .

هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لە ڕووی کەسێتیەوە کە تەمێکردنی ناخی و زاڵ بوون بەسەر خۆیدا پەیڕەوبکات . ئەمەش بەهۆی نیعمەتی خوداوە دەبێتە مایەی سودو کەڵکی بۆ خودی خۆی ، بۆیە دەبێت هەموو باوەڕدارێکی مەسیح خواست یهەبێت بۆ بەکارهێنانی ئەم تەمێکردنە بەشێوەی چەند بارە .

أ. هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لە ئازادبوونی لە گوناهەی کەسێتی و ئەو نەریت وخووە خراپانەی هەیەتی .

لە لۆقا ٦: ٤٢- ٤٣ عیسا فێرمان دەکات و دەفەرموێ : " چۆن دەتوانی بە براکەت بڵێی: برام با پووشەکەی ناو چاوت دەربهێنم لەکاتێکدا تەختە دارەکەی ناو چاوی خۆت نابینیت؟ ئەی دووڕوو، یەکەم جار تەختە دارەکەی ناو چاوت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشەکەی ناو چاوی براکەت. هیچ دارێکی باش بەری خراپ نادات و داری خراپیش بەری باش نادات." هەروەها (١یۆحەنا ١: ٩) وە (یۆحەنا ٨: ٣٤) وە (یۆحەنا ٨: ٣٦) . بخوێنەوە .

ب. هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لە دورکەوتنەوەی لەو شتانەی دەبنە مایەی وروژاندنی ناکۆکی و کۆسپ وە لە مامۆستایانی درۆزن .

نامەی ڕۆما ١٦: ١٧- ١٨ ؛ ٢یۆحەنا ٩- ١٠ باوەڕداران فێر دەکات کە دوور بکەونەوە لە ناکۆکی و کۆسپ و ئەوانەی فێرکردنەکانیان چەواشەو گەندەڵە . لەگەڵ ئەوەی بێ باوەڕان ناتوانن بەرهەڵستی و دژایەتی درۆکانی شەیتان بکەن (یۆحەنا ٨: ٤٤ ؛ ١یۆحەنا ٥: ١٩) ، بەڵام باوەڕداران دەتوانن بەرهەڵستی شەیتان بکەن (یاقوب ٤: ٧ ؛ ١پەترۆس ٥: ٨) ، وە شەیتانی خراپەکار ناتوانێ ئازاریان بدات (١یۆحەنا ٥: ١٨) .

ج. هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لەوەی نەبێتە هۆی کەوتنی کەسانی تر لە گوناهەدا .

عیسای مەسیح لە مەتا ١٨: ٧- ٩ فەرموی : " قوڕبەسەر جیهان لەبەر ئەو کۆسپانەی کە مرۆڤ تووشی گوناە دەکەن (بڕوانە مەتا ١٣: ٤١) !

واتە قوڕ بەسەر هەموو ئەوانەی ئالودە بوونە بە گازینۆکانی قومارەوەو یانە سورەکانی شەوانە و لە گەندەڵیدا دەژین لە ڕووی ئەخلاقیەوەو لە ڕووی سێکسیەوە و بەرهەم هێنەری تلیاك و ماددە سڕکەرەکان و فرۆشیارانی ئەو ماددانە بە جگەرەشەوە و ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان و بکوژان و ڕاگەیاندنە ساختەو چەواشەکار و درۆزنەکان بەهەموو شێوەو جۆرەکانیانەوە .. تاد ، ئەوانە خراپەکارن و خراپە پەیڕەو دەکەن و خراپەو گوناهـ بڵاو دەکەنەوە .

٣. تەمێکردنی ئاڵوگۆڕ .

مەتا ٥: ٢٣ـ ٢٤ ؛ مەتا ١٨: ١٥ ؛ گەڵاتیە ٦: ١ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن باوەڕداران تەمێکردنی ئاڵوگۆڕ پەیڕەو بکەن ؟

تێبینیەکان .

دەبێت هەموو باوەڕدارێکی مەسیح بەرپرسیارێتی تەمێکردنی ئاڵوگۆڕ لە ئەستۆ بگرێت ئەگەر چی گوناهە بکەن بەرامبەر بە خودا یان بەرامبەر بە تۆ یان بەرامبەر بە کەسێکی تر دەبێت تەمێکردنی ئاڵوگۆڕ پەیڕەوبکەن لەگەڵ یەکتر .

أ. هەموو باوەڕدارێکی مەسیح ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە چارەسەرکردنی کێشەکان کاتێ گوێبیستی ئەو کێشانە دەبێت، بۆ نمونە کاتێ باوەڕادرێکی تر بەرامبەر بە تۆ هەڵوێستێکی نەرێنی هەیە .

عیسای مەسیح فێرمان دەکات لە مەتا ٥: ٢٣ـ ٢٤ " لەبەر ئەوە ئەگەر قوربانیت بۆ قوربانگا هێنا و لەوێ بیرت کەوتەوە کە خوشکت یان برات شتێکی لەسەرت هەیە، لەوێ لەبەردەم قوربانگا قوربانییەکەت بەجێبهێڵە و بڕۆ یەکەم جار خوشکت یان برات ئاشت بکەرەوە، ئینجا وەرە و قوربانییەکەت بکە. " بە هێمنی و بەئارامی وە بە تەنها لەگەڵ خۆیدا تەمێکردنی ئاڵوگۆڕ ئەنجام بدەن ، بەشێوەیەك جگە لە چوار چاوی خۆتان چاوی کەسی دیکە نەتانبینێت .

ب. هەموو باوەڕدارێك بەرپرسیارە هەروەها لە تەمێكردنی باوەڕدارانی تر كاتێ گوناهە دەكەن بەرامبەری .

كاتێ جیاوازی یان كێشە هەیە لە نێوان باوەڕداران ئەگەر كاتێ باوەڕدارێكیان هەستی كرد ئەوەی تر گوناهەی كردوە بەرامبەری دەبێت چارەسەری ئەو كێشەیە بكات بە تەنها لەگەڵ كەسی بەرامبەردا پێش ئەوەی پیرانی كۆمەڵەی باوەڕداران و سەرجەم كڵێسا ئاگادار بكاتەوە لە كێشەكەیان ، عیسای مەسیح فێرمان دەكات لە مەتا ١٨: ١٥ " ئەگەر خوشك یان براكەت خراپەی لەگەڵ كردیت، بڕۆ بە تەنها لەنێوان خۆت و خۆی گلەیی لێ بكە. ئەگەر گوێی لێگرتی، ئەوا براكەت بەدەستدەهێنیتەوە ".

ج. هەموو باوەڕدارێك بەرپرسیارە لە تەمێكردنی باوەڕدارانی تر ئەوانەی دەكەونە نێو جۆرەها گوناهەوە .

نامەی گەڵاتیە ٦: ١ فێرمان دەكات و دەفەرموێ " خوشكان، برایان، ئەگەر كەسێك تووشی گوناهێك بوو، با ئێوەی ڕۆحانی كەسی ئاوا بە ڕۆح نەرمی ڕاست بكەنەوە. سەیری خۆشت بكە نەوەك تۆش بكەویتە تاقیكردنەوە. "

٤. تەمێكردنی كڵێسایی لە شێوەی كەسێتیدا .

مەتا ١٨: ١٥- ١٧ بخوێنەوە .

ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە : چۆن كڵێسا تەمێكردن پەیڕەو بكات بە شێوەی كەسێتی لەبەرامبەر گوناهەدا ؟

تێبینیەكان .

أ. تەمێكردنی كڵێسایی .

كاتێ تەمێكردنی ئاڵوگۆڕ سەركەوتوو نابێت ئیدی تەمێكردنی كڵێسایی دەستپێدەكات ، عیسای مەسیح لە مەتا ١٨: ١٥- ١٧ فێرمان دەكات و دەفەرموێ " ئەگەر خوشك یان براكەت خراپەی لەگەڵ كردیت، بڕۆ بە

تەنها لەنێوان خۆت و خۆی گلەیی لێ بکە. ئەگەر گوێی لێگرتی، ئەوا براکەت بەدەستدەهێنیتەوە. خۆ ئەگەر گوێی نەگرت، یەك یان دوو کەس لەگەڵ خۆت ببە، تاکو هەر بابەتێك لەسەر زاری دوو یان سێ شایەت ڕاستییەکەی بسەلمێنرێت. ئەگەر بەگوێی نەکردن، بە کڵێسا بڵێ، ئەگەر بەگوێی کڵێساشی نەکرد، ئەوا بە بتپەرست و باجگری دابنێ. "

ب. سیستەمی باسکراو بۆ تەمێکردنی کڵێسایی لە کاروباری کەسێتیدا .

هەنگاوی یەکەم ئەوەیە هەڵەو گوناهەکە پیشانی گوناهکارەکە بدەیت (هەڵەکە بخەیتە ڕوو وەك خۆی کە هەیە) بە تەنها لەگەڵ خۆیدا .

هەنگاوی دوەم ئەگەر گوێی ڕانەگرت بۆت دەتوانی ئەندامێک یان دوو ئەندامی دیکەی کڵێسا لەگەڵ خۆت ببەیت و ڕوبەڕوی بیتەوە دوبارە .

هەنگاوی سێ یەم ، کاتێ ئەوەشی ڕەت کردەوە بەو شێوەی دوو شایەتت لەگەڵدایە ئیدی ڕادەستی کڵێسای بکە .

هەنگاوی چوارەم ، ئەگەر بڕیارەکانی کڵێساشی ڕەتکردەوە لەبەردەم هەموو کڵێسادا جیابونەوەی لە کڵێسا ڕابگەیەنن . بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە بدرێتە دەست مردن دەبێت پەیوەیدنیتان لەگەڵیدا هەبێت ئەگەر وەکو بێباوەڕانیش بێت تاکو جارێکی تر بەدەستی بهێننەوە بۆ باوەڕی عیسای مەسیح و ملکەچبوونی دوبارەی .

٥. تەمێکردنی کڵیسایی لەسەر گوناهە بەشێوەی ئاشکرا.

ڕۆما ١٢: ١٧- ٢١ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ١- ٥ ، ٩- ١٣؛ تسالۆنیکی ٣: ٦- ١٥ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ٢٥- ٢٦ ؛ تیتۆس ٣: ٩- ١١ ؛ یاقوب ٢: ١٢- ١٣ ؛ ٣یۆحەنا ٩- ١٠ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : دەبێت چۆن کڵێسا تەمێکردن پەیڕەو بکات بەشێوەی ئاشکرا لەسەر گوناهە ؟

تێبینیەکان .

أ. تەمێکردنی کڵێسایی .

چەند گوناهەیەك هەن بەڕێژەیەك تەشەنەدەكەن كە ناكرێ هیچ مامەڵەیەكی لەگەڵدا بكرێ جگە لە تەمێكردن بەشێوەی ئاشكرا . بەپێی كتێبی پیرۆز ئەم گوناهانەی خوارەوە دەبێت ئیدانە بكرێن : كاتێ خوشكێك یان برایەك گوناهەی داوێن پیسی دەكەن (سێكسی) یان چاوچنۆكی یان بتپەرستی یان جوێندان یان سەرخۆشی یان تاڵانكەر یان دزی (١كۆرنسۆس ٥) ، یان بەپێی فێركردنەكانی مەسیح ناژی یان تەمبەڵەو خۆی هەڵدەقورتێنی لە كاروباری كەسانی تر لە كڵێسادا (٢سالۆنیكی ٣) یان دەبێتە هۆی كۆسپ و دوبەرەكی لە نێو كڵێسادا (٢تیتۆس ٣) .

بەڵام هەمیشە دەبێت بەخۆشەویستیەوە ئەم تەمێكردنە پەیڕەوبكرێت (١كۆرنسۆس ١٣: ١- ٨) . لەگەڵ بەزەییدا . یاقوب ٢: ١٢- ١٣ فێرمان دەكات و دەفەرموێ : " ئاوا بدوێن و ئاوا كار بكەن، وەك بە شەریعەتی ئازادی حوكم بدرێن، چونكە حوكمدان بێ بەزەییانەیە بۆ ئەو كەسەی كە بێ بەزەیی بووە، بەڵام بەزەیی بەسەر حوكمداندا سەردەكەوێت. " چونكە ڕاسپاردەی نوێ لەوەدا كۆدەبێتەوە كە یەكتریتان خۆش بوێ (وەك خۆشەویستی مەسیح) یۆحەنا ١٣: ٢٥- ٣٣.

ب. سیستەمی باسكراو لە تەمێكردنی كڵێسای بەشێوەی ئاشكرا .

هەمگاوی یەكەم (تیتۆس ٣: ١٠- ١١) .

هەنگاوی دوەم (٢سالۆنیكی ٣: ١٤- ١٥ ؛ ٣ یۆحەنا ٩- ١٠) .

هەنگاوی سێ یەم (٢سالۆنیكی ٣: ٦، ١٤) .

دیارە ئەم جۆرە تەمێكردنە ڕەنگە توند بێت بەڵام كتێبی پیرۆز هۆكار دەخاتە ڕوو بۆ ئەم ڕاسپاردەیە . چونكە ئەم تەمێكردنە بۆ گوناهی بچووك نیە وە بۆ ئەو خوشكو برایەش نیە كە تۆبە دەكات لە گوناهە . تا گوناهەكەی گەورە و مەترسیدار نەبێت ! بەڵكو ئەم جۆرە تەمێكردنە بۆ ئەو باوەڕدارانەیە كە تۆبە كردن ڕەتدەكەنەوە دوای ئەوەی هێشداری دەدرێتێ چەند بارە . ئەو گوناهانەی كە ئەم جۆرە تەمێكردنە تونەی پێویستە ئەمانەن گەندەڵی سێكسی بەهەموو شێوەكانیەوە وێنە ، فیلمی

پۆرن ، داوێن پیسی ، لەشفرۆشی ، هاوڕەگەزبازی ، وە بتپەرستی بەهەموو شێوەکانیەوە ، چاوچنۆکی پارە ، پەیڕەوکردنی جادوو هەروەها فاڵگرتنەوە ، درۆکردن و جوێندان و ئابڕووبردنی کەسانی تر و وروژاندنی ڕق و کینە بەرامبەر بەکەسانی تر (عیبرانیەکان ١٢: ١٥ ، وە کوفر کردن بە خوداو باوەڕی مەسیح (١تیمۆساوس ١: ١٩- ٢٠) . وە سەرخۆشی بە ماددە کحولیەکان یان تلیاك و ماددە سڕکەرەکان ، یان گەندەڵی و ئەنجامدانی تاوان ، بۆ ئەوەی باوەڕدارانی دیکە پارێزراو بن دەبێت خۆیان دوور بگرن لەو گوناهانەو لەم جۆرە گوناهبارانە دوور بکەونەوە . ڕەنگە ئەو گوناهبارەی تۆبەی نەکردوە لەم گوناهانە هەست بە ڕەتکردنەوە بکات لەلایەن کڵێساوە واتە باوەڕدارانەوە ئیدی بەرەو لەناوچوون دەچێت بەڵام ئەگەر کڵێسا ڕێگە بدات بەم گوناهبارە بەردەوام بێت لە گوناهەکەی زۆر مەترسیدارە بۆ باوەڕداران چونکە خەڵکی زۆری دیکە بەهۆیەوە لەناودەچن !

ڕەنگە گوناهبارەکە هەست بەشەرمەزاری بکات بەهۆی تۆبە نەکردنیەوە ئەگەر پیری کڵێسا یان برایەك لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵیدا ڕینگە ڕزگاری بکەن لە هەڵگەڕانەوەی لە مەسیح (١ تیمۆساوس ٤: ١٦) .

هەنگاوی چوارەم (مەتا ١٨: ١٧ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ٢ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ٤- ٥) .

دوورکەوتنەوە لە ئەندامێتی کڵێسا کارێکی مەترسیدارە . (١کۆرنسۆس ٥: ٩، ١١ ؛ تیتۆس ٣: ١٠) .

تۆڵە کردنەوە یاساغە بۆ باوەڕداران (ڕۆما ١٢: ١٧- ٢١) . چونکە گەر گوناهبار ویستی بگەڕێتەوە بۆ کۆبونەوەکانی کڵێسا دەبێت باوەڕداران ڕێگەی بدەن وە دەرفەتێکی نوێی بدەنێ بۆ تۆبە کردن لە گوناهەکەی ، وە دەبێت بەزەییان هەبێت هەمیشە لەسەر حوکمدانەکە (یاقوب ٢: ١٣) !

٦. تەمێکردنی کڵێسای لەسەر پیر یان ڕابەری کڵێسا کاتێ گوناهەیەك دەکات .

تیتۆس ١: ٦ ؛ ١تیمۆساوس ٣: ٢؛ ٥: ١- ٢ ، ١٧- ٢٠ ؛ گەڵاتیە ٢: ١١- ١٦ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن کڵێسا تەمێکردن پەیڕەو بکات لەسەر ئەو پیرە یان ڕابەرەی کڵێسا کە گوناهەی ئەنجام داوە ؟

تێبینیەکان .

أ. دەبێت تەمێکردنی پیر بە ئاشکرا بێت و لانی کەم دوو شایەت ئاماده بن.

١تیمۆساوس ٥: ١٩- ٢٠ " سکاڵا لەسەر هیچ پیرێك قبوڵ مەکە، بە دوو یان سێ شایەت نەبێت . ئەوانەی گوناه دەکەن لەبەردەم هەمووان سەرزەنشتی بکە، بۆ ئەوەی ئەوانی دیکەش بترسن. " پیران و ڕابەرانی کڵێساش بێ بەش نین لە تەمێکردن و ئەوانیش دەبێت تەمێ بکرێن ، وە دەبێت سەرجەم باوەڕداران ئاگایان لە فێرکردنەکان و هەڵسوکەوتی ڕابەران وپیرانیان .

ئەگەر گوناهبارەکە تۆبەی نەکردو بەردەوام بوو وە بیانوی هێنایەوە لەگەڵ ئەوەی گوناهەکەی بەسەردا ساغ بۆتەوە ئیدی دەبێت ڕۆڵی لە کڵێساو خزمەتەکەی هەڵپەسێردرێ . وە دەبێت کڵێسا ئاگادار بکرێتەوە لە هەڵسوکەوتەکەی ئەگەر هەر دڵرەقی کردو بەردەوام بوو دەبێت سەرجەم باوەڕداران مامەڵەیان لەگەڵیدا ڕابگرن ئەگەر هەر دیسان بەردەوام بوو دەبێت ئەندامێتی لە کڵێسادا نەمێنێت .

ب. بێ گوێدانە تەمەن و پێگەکەی دەبێت پیر تەمێ بکرێت .

تیمۆساوسی یەکەم ٥: ١- ٢ ، ١٩- ٢٠ وە گەڵاتیە ٢: ١١- ١٦ .

ج. ئەو پیرەی دەکەوێتە گوناهەی داوێن پیسیەوە دەستبەجێ دەبێت خزمەتەکەی هەڵپەسێردرێ .

(١تیمۆساوس ٣: ٢) (١سالۆنیکی ٤: ٤) .

ج. مامەڵەکردن لەگەڵ گەڕانەوەی تۆبەکار .

١. دەبێت گوناهبار تۆبەبکات .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : تۆبەکردن واتای چی یە؟ چۆن دەردەکەوێت تۆبەکار تۆبەی کردوە بەڵام پێشتر نەیویستوە تۆبە بکات ؟

تێبینیەکان .

تۆبەکردن واتە گۆڕینی بیر – هەڵوێستی بیروهزر . پێش ئەوەی گوناهبار تۆبە بکات هەمیشە بیانوو دەهێنێتەوە و خۆی بە ڕاست دەناسێنێ لەکارەکەیدا . بەڵام کاتێ تۆبە دەکات بیری دەگۆڕێت و دەزانێ کە خودا ڕاستەو ئەو گوناهبارە ، واتای تۆبەکردن ئەوەیە کەسەکە هەست بە پەشیمانی دەکات لە گوناهەکەی و کارەکەی ، وە دەیەوێت بەردەوام نەبێت لەو گوناهەیە .

زەبور ٣٢: ١- ٥ بخوێنەوە (هەروەها ڕۆما ١: ١٨- ٣٢ ؛ ١کۆرنسۆس ١١: ٣٠) .

هەروەها پەندەکان ٢٨: ١٣ ؛ ئیشایا ٥٧: ٢٠- ٢١ بخوێنەوە .

هەروەها حەزقێیل ١٨: ٢١- ٣٢ ؛ مەتا ٣: ٦- ١٠ ؛ کردار ٣: ١٩ ؛ ٢٦: ٢٠ بخوێنەوە .

هەروەها لۆقا ١٣: ١- ٥ بخوێنەوە تۆبەنەکردن بەرەو لەناوچوونی دەبات.

٢. دەبێت گوناهبار خەمبار و دڵتەنگ بێت لە چاکەدا بەپێی خواستی خودا.

٢ کۆرنسۆس ٧: ٨- ١٣ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : جیاوازی چی یە لە نێوان خەمباری جیهانی و خەمباری چاکە ئەوەی بەپێی خواستی خودایە ؟

تێبینیەکان .

لە بەشی پێنجەمی نامەی یەکەمی کۆرنسۆس پۆڵس سەرزەنشتی کڵیسا دەکات لەسەر ئەوەی کەمتەرخەم بوونە لە تەمێکردنی برایەکی نێو کڵێسا لەبارەی گەندەڵی ئابڕوبەری ئەخلاقیەوە . باوەڕدارانی کۆرنسۆس

چاوپۆشیان کرد لە گوناهەیەکی قبوڵ نەکراو لەنێوانیاندا . بۆیە پۆڵس نامەیان بۆ دەنێرێ و پێیان دەڵێ بۆئەوە نیە خەمبارتان بکەم بەڵکو بۆئەوەیە بەرەو تۆبەتان بەرم .

أ. خەمباری جیهان .

عیبرانیەکان ١٢: ١٦- ١٧ ؛ ١ساموئیل ١٥: ١٧- ٣١ ؛ لۆقا ٢٣: ٢٩- ٣١ ؛ مەتا ١٣: ٤٢ ؛ بینین ٦: ١٥- ١٧ .

ب. خەمباری بەپێی خواستی خودا .

بەڵام کڵێسای کۆرنسۆس تۆبەیەکی ڕاستەقینەیان کرد ، وە بەرهەمی تۆبەکەیان دەرکەوت بەوەی خەمبار بوون بە پێی خواستی خودا و بەهۆی سەرزەنشتەکانی پۆڵسەوە (٢کۆرنسۆس ٧: ١٠) .

بڕوانە مەتا ٣: ٨ . ئەم ڕاستیە هانی پۆڵس وتیموساوسی دا بە مەزنی !

نمونەیەکی تر لە خەمباربوونی چاکە ئەوەی بەرهەمی تۆبە کردنەکە دەیبات بەرەو ڕزگاری داوەدە کە لە زەبورەکان ٥١: ٢- ٤ ، ١٠ دەفەرموێ " بە تەواوی لە تاوانم بمشۆرەوە ولە گوناهم پاکم بکەرەوە. چونکە من یاخیبوونم دەزانم،هەمیشە گوناهم لەبەردەممە. لە دژی تۆ، تەنها تۆ، گوناهم کرد،لەبەرچاوی تۆ خراپەم کرد، تاکو لە بڕیارەکانت ڕاست بیت، دادپەروەر بیت لە حوکمەکانت... ئەی خودایە، دڵێکی پاکم تێدا دروستبکە وڕۆحێکی چەسپاو لە ناخم نوێ بکەرەوە. "

٢کۆرنسۆس ٧: ١١ " کەواتە سەیر بکەن خەمباری بەگوێرەی ویستی خودا چەندی لە ئێوەدا بەرهەم هێناوە: چ پەرۆشییەك، چ پاکانەیەك، چ تووڕەییەك، چ ترسێك، چ تامەزرۆییەك، چ دڵگەرمییەك، چ حەزێك بۆ دادپەروەری! لە هەموو شتێکدا خۆتان سەلماند کە بێتاوانن لەو باسەدا."

هەروەها بڕوانە ١ کۆرنسۆس ٤: ١٢ . " چیتان دەوێ؟ بە دار بێمە لاتان یاخود بە خۆشەویستی و ڕۆحی دڵنەرمی؟ " بۆیە هەر خەمباریەك لەچاکەدا بێت وبەپێی ویستی خودا بێت گرنگە و دەبێتە مایەی چاککردنەوەی ڕابردوو ئیدی پارێز دەکەن لەم بارەیەوە .

بەڵام ئەم جۆرە هاندانە بەشێوەی ترساندن لەبری خۆشەویستی کارێکی پەسەندو ڕاستە ؟ زۆرجار خودا لە پەیمانی کۆندا هەروەها عیسای مەسیح لە پەیمانی نوێدا خەڵکیان ترساندوە بە حوکمدان کە دێت ئەگەر تۆبە نەکەن . ئەگەر تۆ خەڵکیت ترساند وا خەریکە ماڵیان دەسوتێ ئەوە هانت داون بە ترساندن ئەمەش دەبێت هەبێت بۆ ئەوەی باوەڕداران بەرێت بۆ خۆشەویستی و پیرۆزیە تەاوەتیەکەی خودا بڕوانە (پەندەکان ١: ٢٠-٣٣) .

دەبێت گوناهباری تۆبەکار بگەڕێندرێتەوە .

لۆقا ١٥: ١٧- ٢٤؛ ١٧: ٣ ؛ ٢کۆرنسۆس ٢: ٥- ١١ ؛ عیبرانیەکان ٨: ١٢ .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن کڵێسا گوناهباری تۆبەکار بگەڕێنێتەوە ؟

تێبینیەکان .

أ. ئامانج لە تەمێکردن گەڕانەوەی گوناهبارە بۆ تۆبەکردن .

تەمێکردن جۆرێکە لە سزا ، وە ئامانج لێی هەڵڕشتنی تورەییمان نیە بەسەر گوناهبارەکەدا بەڵکو گەڕانەوەی گوناهبارەکەیە بۆ تۆبە کردن . تەمێکردن ئامانج لێی گەڕانەوەی گوناهبارە بەرەو پێگەیشتوویی و عەقڵانی بوونی ، بەرەو تۆبە ، بەرەو گۆڕینی هەڵسوکەوتی لە کۆتاییدا بەرەو گوێڕایەڵی بوونی بۆ عیسای مەسیح !

ب. لە گوناهباری تۆبەکار خۆش بە .

عیسای مەسیح لە لۆقا ١٧: ٣ دەفەرموێ " ئاگاداری خۆتان بن. ئەگەر براکەت هەڵەی کرد، سەرزەنشتی بکە، ئەگەر تۆبەی کرد گەردنی ئازاد بکە. " هەروەها لە مەتا ٦: ١٤- ١٥ دەفەرموێ " ئەگەر گەردنی خەڵکی لەبەر خراپەکانیان ئازاد بکەن، ئەوا باوکی ئاسمانیشتان لێتان خۆشدەبێت. بەڵام ئەگەر گەردنی خەڵکی ئازاد نەکەن، ئەوا باوکیشتان لە گوناهەکانتان خۆش نابێت. " کاتێ باوەڕداران لەو کەسە خۆش دەبن کە

تۆبەی کردوە ئیدی نابێت بەهیچ شێوەیەك باسی ئەو گوناهەیە بکەنەوە (عیبرانیەکان ٨: ١٢) !

ج. دڵنەوایی تۆبەکارەکە بکەن وهانی بدەن و پێشوازی گەرمی لێبکەن .

(لۆقا ١٥: ١٧- ٢٤).

٤. گەڕانەوەی ڕابەری تۆبەکار .

أ. گەڕانەوەی ڕابەری تۆبەکار بۆ پلەو خزمەتەکەی .

ئەم بابەتە زۆر هەستیارەو کتێبی پیرۆز تەنها بەچەند خاڵێك چارەسەری ئەم بابەتەی کردوە ئەویش لەبارەی تەمێکردنی کڵێساییەوە .

ب. ئەو باوەڕدارانەی داوا دەکەن بە نەگەڕانەوەی ڕابەرەکەیان بۆ خزمەتکردن و ناوەندی ڕابەرایەتی .

زۆرینەی ڕابەرانی کڵێسا پێکهاتوون لەسەر ئەوەی کاتێ ڕابەرێك دەکەوێتە گوناهەی سێکسیەوە دەبێت بۆ هەتاهەتایە دوور بخرێتەوە لە پلەی ڕابەرایەتی کردن لە کڵێسادا . ئەوان پێیان وایە دەکرێ جارێکی تر وەکو ئەندامێکی کڵێسا قبوڵ بکرێتەوە بەڵام ناکرێ وەکو ڕابەر یان پیر یان هەر پلەیەکی ڕابەرایەتی لە کڵێسادا قبوڵ بکرێتەوە .

ج. ئەو باوەڕدارانەی داوا دەکەن بە شێوەیەکی تایبەت ڕابەرەکەیان بگەڕێتەوە بۆ خزمەت و ناوەندی ڕابەرایەتی کردن .

هەندێ ڕابەری دیکە هەن هێزی خودا دەبینن و بەزەیی خودا و نیعمەت و لێخۆشبوونی خودا دەبینەوە لە گۆڕانکاری ژیانی تۆبەکاردا بە شێوەی ڕیشەیی و پیرۆزی ، ئەوان پێیان وایە دەکرێ بەتایبەتی ئەو جۆرە ڕابەرانە بگەڕێنەوە بۆ ڕابەرایەتی کردن .

خودا موسای گەڕاندەوە بۆ ڕابەرایەتی کردن دوای ئەوەی پیاوی کوشت (دەرچوون ٢: ١١- ١٢ ؛ ٣: ١٠) هەروەها لەبارەی شەمشونەوە بڕوانە (ڕابەران ١٦: ١٧- ٣٠) . وە داود (٢ سامۆئیل ١١: ١- ١٢ : ٤) . وە (٢ پوختەی مێژوو ٣٣: ١- ١٦ ؛ لێقیەکان ١٩: ٣١) .

پۆڵس لە ١ تیمۆساوس ٥: ١٩- ٢٠ دەڵێت پێویستە سەرزەنشتی پیر بکرێ لەسەر گوناهەکەی، بەڵام نابێت خزمەتەکەی هەڵپەسێردرێ و ڕاگیرێ لە خزمەت تاهەتایە .

د. بڕیاری کۆتایی .

ڕەنگە پیرانی کڵێسا حەز بکەن دڵنیا بنەوە لە بڕیارەکانیان و بیانەوێ بزانن ئایا کتێبیە یان نا . بەڵام باشترە وشەی کۆتاییان هەبێت لەمبارەیەوە ، وە ئەندامانی کڵێساش پێویستە ڕێز بگرن لە بڕیاری پیرەکان (عیبرانیەکان ١٣: ١٧) .

د. ڕێنماییەکان سەبارەت بە تەمێکردن .

١. جیاکاری کێشەکان .

پێشەکی : بۆ ئەوەی سەرزەنشت بکەیت یان تەمێی گوناهبار بکەیت دەبێت سەرجەم ڕاستیە پێویستەکان کۆبکەیتەوە هەوڵ بدەی لە کێشە ڕاستەقینەکە تێبگەیت وە هەوڵ بدەی لە ڕەگو سەرچاوەی کێشەکە تێبگەیت . وە دەبێت جیاکاری بکەیت لە نێوان ڕووداوەتی کێشەکەو کێشە ڕاستەقینەکە .

أ. کێشەی ڕووداوەتی وەکو پەرچەکردار و باسکردنی کەسێك بە وشەیەك یان هەڵوێستێك یان بەخراپ ناوهێنانی یان گوزارشکردن و ستەم کردن لێی بە وشە .

ب. کێشەی ڕاستەقینە – ڕەگی کێشەکە .

کێشە ڕاستەقینەکە ئەوەیە نەبینراوەو هەڵوێست و هەستی شاراوەو ڕەگی ڕاستەقینەی گوناهبارەکەی لە خۆ گرتوە وەکو تاڵی و کینە هەبێت لەلای باوەڕدارەکە بەرامبەر باوەڕدارێکی تر .

ج. ڕاهێنان لەسەر جیاکاری کێشەکان و تێگەیشتن لێیان .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کامەیە کێشەی ڕووداوەتی و کێشەت ڕاستەقینە لەم بەشە کتێبیانەی خوارەوە ؟

تێبینیەکان .

٢ پوختەی مێژوو ٣٣: ١- ٦ ، ٢١- ٢٢ . تێبینی کێشەی ڕواڵەتی لێرەدا ئەوەیە ئاموونی پاشا لەگەڵ جۆرێك لە خەڵکی خراپەکار مامەڵەی دەکرد کە بتپەرست بوون . بەڵام کێشەی ڕاستەقینە ئەوەبوو کە ئەو لەماڵێکی وێرانەوە هاتبوو چونکە باوکی بتپەرست بوو .

زەبور ٣٢: ١- ٤ . تێبینی کێشەی ڕواڵەتی لێرەدا ئەوەیە نوسەری زەبور خەوی لێ ناکەوێت یان توانای نیە یان زۆر ماندوە بەهۆی دڵەڕاوکێ وە . بەڵام کێشەی ڕاستەقینە ئەوەئ ئەو هەست بەو گوناهەیە دەکات کە ئەنجامی داوە .

مەتا ٢٢: ٢٣، ٢٩ .

تێبینی . کێشەی ڕواڵەتی فەریسیەکان و کۆمەڵە ئاینیەکان ئەوەبوو ڕەخنەیان دەگرت لە عیساو گوایە ئەوان شەریعەت دەزانن و پەیڕەوی دەکەن . بەڵام کێشەی ڕاستەقینەیان ئەوەبوو کە ئەوان وازیان لە کتێبی پیرۆز وفێڕکردنەکانی هێنابوو بەڵام دەستیان بە نەریتی مرۆڤانەوە گرتبوو.

لۆقا ٨: ١١، ١٤ . کێشەی ڕواڵەتی و ڕووکەش ئەوەیە لەم کەسەدا، بە باوەڕداریکی ناپێگەیشتوو و بێ بەرهەم دەمێنێتەوە . بەڵام کێشەی ڕاستەقینەی ئەوەیە ، حەزکردن بە دەوڵەمەندی و خۆشی ژیان وشەکانی خودای خنکاندوە لە ژیانیدا .

هەروەها بەهەمان شێوەیە ئەوانەی سەرەوە بڕوانە لۆقا ١٨: ١٨ ، ٢٢ . هەرەها ڕۆما ١: ١٨- ٣٢ .

هەروەها ١کۆرنسۆس ٣: ١- ٤ .

٢کۆرنسۆس ٤: ٢ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٨- ١٢ .

ئەفەسۆس ٤: ١٣- ١٥ .

١تیمۆساوس ١: ١٩ .

یاقوب ٤: ٢- ٣ .

٣یۆحەنا ٩- ١٠ .

بینین ٢: ٤- ٥ .

٢. شێوازی پەیڕەکردنی تەمێکردن .

بزانە : کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات لەبارەی چەند بنەمایەکی تابیەت بە پەیڕەکردنی تەمێکردن .

أ. لەسەر بنەمای ڕاستی گوناهبارەکە تەمێ بکە .

مەتا ٧: ١- ٢ هەروەها ١کۆرنسۆس ٥: ١٢- ١٣ وە یۆحەنا ٧: ٢٤ وە یۆحەنا ١٨: ٢٣ وە پەندەکان ١٨: ١٧ وە ٢تیمۆساوس ٣: ١٦ .

ب. بە دادپەروەری و ڕاستودروستی گوناهبار تەمێ بکە .

لێڤیەکان ١٩: ١٥ دواوتار ١٦: ١٨- ١٩ وە پەندەکان ١٧: ٨، ٢٣ وە ١کۆرنسۆس ٦: ١١ .

ج. سووربە لەسەر تەمێکردنی گوناهبارەکە.

پەندەکان ٢٧: ٥ " سەرزەنشتی ئاشکرا لە خۆشەویستی شاردراوە باشترە." سەرزەنشت کردن بەپێی پەندەکان ٢٨: ٢٣ ، بیانوو بڕین بەپێی تیتۆس ١: ٩ . ڕازی بوون و سەرزەنشت بەپێی یۆحەنا ١٦: ٨ . بەهێزکردن بەپێی ٢تیمۆساوس ٣: ١٦ ، دەبێت یارمەتی گوناهبارەکە بدەین بۆئەوەی بەو ڕغایەدا بڕوات کە دەبێت بڕوات پێیایدا .

سزا ، پەندەکان ٢٢: ١٥ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ٦ ؛ بینین ٣: ١٩ .

د. بەخۆشەویستی گوناهبارەکە تەمێ بکە .

مەبەست لە تەمێکردن ئەوەی گوناهبار بگەڕێندرێتەوە بۆ ڕێگای ڕاست . ئەگەر بە شێوازی کتێبی تەمێکردنەکە ئەنجام نەدرێ کەسەکە لەناودەچێ و کڵێساش سەنگی خۆی لەدەست دەدات لەبەرچاوی جیهان و دەبێتە

سوکایەتی کردن بە خودا . کاتێ گوناهبار تۆبە دەکات دەبێت باوەڕداران خۆشیان بوێی و گوزارش بکەن لە لێخۆشبونیان و گەڕاندنەوەی بۆ ژیانی هاوبەش .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەكانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بكەن ، نوێژێكی كورت ئەوە دەربخات كە ئەمڕۆ فێربوون . یان كۆمەڵەكە بكە بە دوو یان سێ كۆمەڵ و نوێژێك بكەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت كە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەركی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری كۆمەڵەكە . ئەركی داهاتوو بدە بە ئەندامانی كۆمەڵەكەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بكە لە پەڕاوەكانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەكانی خوداوەند و بونیادنانی كڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێركردن ، یان وانە دابەشكردن (لەگەڵ كەسێكی تر یان لەگەڵ كۆمەڵێكدا) فێركردنی پەیوەست بە " پەیڕەوكردنی تەمێكردن " .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ٢پەترۆس ١-٣ وە یەهوزا . باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .